# وەهمی ڕۆشنگەریی

## (ڕۆشنبیران بۆ فرۆشتن!)

د. کامەران محەمەد

لە مەملەکەتێکدا کە تاکە حزبێکی سیاسی هەموو شتێکی کۆنترۆڵ کردبوو، هەر لە سیاسەت، ئاسایش، ئابووری و ...تاد، یەکێک لە گەورەترین شانازییەکانی ئەو حیزبە دروستکردنی دامەزراوەیەک بوو، بۆ کاری ڕۆشنگەریی و دیموکراتی. ئەم دامەزراوەیە بۆ پیشاندانی لێهاتوویی هزریی و ڕوناکبیریی شارەکە دروستکرابوو، میوانداریکردنی کۆنفرانسی گەورە و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و ئەنجامدانی فێستیڤاڵی ساڵانە، کە لە هەموو جیهانەوە نوسەران و ڕۆشنبیرەکانیان کۆدەکردەوە. لەوێ دەستخۆشیی لە ڕۆشنبیران دەکرا، وتارەکانیان پەخش دەکرا و بەوپەڕی دەستکراوەیی و سەخێتیشەوە لەلایەن حیزبەوە پاداشتیان پێدەدرا. ساڵانە ئەو دامەزراوەیە میوانداریی چالاکی گەورەیان دەکرد، کە (ڕووناکبیران!) مشتومڕیان لەسەر قووڵترین پرسەکانی کۆمەڵگە دەکرد، هەر لە دیموکراسیەوە تا دیکتاتۆرێتی و لە کۆمەڵگە کراوەکانەوە تا عەقڵ و کەلتوورە داخراوەکان و ...تاد. واتە کەرنەڤاڵێکی ڕۆشنگەریی بوو، یان ڕاستر وا دیار بوو!

بەڵام وەک دەوترێت (ئەو سەگەی کە دەوەڕێت گاز ناگرێت). بۆیە لەم دۆخەدا دەنگی بەرزی (ڕۆشنبیران!) تەنها دەنگدانەوەی زەمینە نەخەمڵیوەکە بوو. ئەوان شانازییان بە ئازادیی و مافی مرۆڤەوە دەکرد، بەڵام ئەوە ئازادی بوو، کە لە سنووری ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتەکانی دامەزراوەکە و ئەوەدا بوو کە حیزب پێی قایلبوو. واتە زۆر بە وریاییەوە وتار و نووسینەکانیان دادەڕێژا! هەرچەند پێنووسەکانیان تیژ دەردەکەوتن، بەڵام لە ترسی بڕینەوەی پەنجەکانیان لەلایەن ئەو دەستەی کە خۆراکی پێدەدان، هەمیشە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای دامەزراوەکەدا سەمایان دەکرد.

ئەمەش مێژوونووسی گەورەی ڕۆمانی (تاسیتۆس)مان بیردەخاتەوە، کە دەیگوت: "هەرچەندە دەوڵەت گەندەڵتر بێت، یاساکان ژمارەیان زیاتر دەبێت". لەو مەملەکەتەشدا، تا فەرمانڕەواکان گەندەڵتر بن، ژمارەی ڕۆشنبیران زیاتر دەبن. بەڵام لە پشت پەردەوە عەقڵ بۆ فرۆشتن بوو، کەس لە خەڵکی زیاتر ئاگاداری ئەم ڕاستیە نەبوو. فێستیڤاڵ و بڵاوکراوەکانیان لە ماسکێک زیاتر نەبوو، واتە ڕووبەرێکی بیرکردنەوە بوو، کە بۆ شاردنەوەی ستەمی ڕاستەقینەی چنگی حزب بەسەر مەملەکەتدا دروستکرابوو. تەواو هاوشێوەی ڕۆشنبیرانی دەرباری کۆن، کە لەسەر فەزیلەتەکانیان ستایشی پاشا و ئیمپراتۆرەکانیان دەکرد و لە هەمان کاتیشدا لە بەرامبەر ستەمکارییەکانیان بێدەنگ دەبوون، ئەم (کەسە ڕۆشنگەرانە!)ش هەمان ڕەفتاریان دووبارە دەکردەوە.

پاشان ئەو ڕۆژە هات، کە سەرکردایەتی حیزب گۆڕانکاری بەسەردا هات، واتە (پارەدارکردن)یش گۆڕا. چالاکییەکان خامۆش بوون، (کەرێک بە پارەی بەفر کڕابێت ئاو ئەیبات). واتە

لە شەو و ڕۆژێکدا کۆنفرانسە گەورەکان، کە ڕۆژانێک لە (نووسەرانی ڕۆشنگەر!)دا جمەیان دەهات و لەسەر پرسەکانی ئەو ڕۆژگارە گفتوگۆیان دەکرد، بۆ ژووری تارماییەکان گۆڕان. ئەو هۆڵانەی کە ڕۆژێک بە گفتوگۆی گەرم دەنگیان دەدایەوە، ئێستا لە بێدەنگیدا لە گۆڕێکی تاریک دەچن. چیتر فێستیڤاڵ و دیبەیتێکی گەورە لەوێدا ئەنجام نادرێت. ئەو ڕۆشنبیرانەی کە خاوەن سەدایەکی بەرز بوون، وەک بەردێکی بن گۆم شوێنەوارییان نەما، لەکاتێکدا بەردەوام شانازییان بە بەشدارییەکانیانەوە لە کۆمەڵگەدا دەکرد، بەڵام لەناکاو لە سێبەردا ون بوون.

وەک پەندێکی چینی دەڵێت: "کاتێک با هەڵدەکات، گژوگیاکان دەچەمێنەوە". ئەم ڕۆشنبیرانەش، وا دیار بوو، بای پارە بە هەر لایەکدا هەڵی دەکرد، بەو لایەدا دەچەمانەوە. خەڵک کە سەردەمانێک بەو نمایشە هزرییە سەرسام ببوون، ئێستا بە دارمانی لەناکاوی پێدەکەنن و دەپرسن: "ڕۆشنگەریی چی لێ بەسەر هات؟" بە گاڵتەجاڕیەوە دەیان پرسی: "ئایا لەگەڵ پارەدارکردنەکەدا نەما؟" گاڵتەجاڕییەکە لەسەر هەموو زارەکان بوو،ساڵانێک بوو ئەو (ڕۆشنگەرانە!) بانگەشەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و باشترکردنی کۆمەڵگایان دەکرد. بەڵام کاتێک گیرفانیان بەتاڵ بوو، زمانیشیان لاڵ بوو!

ڕۆشنگەرەکانی ئەوێ، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ (دووڕوو)ەکانی مێژوودا نەبوو، لە کاتی بەهێزی دەسەڵاتدا ستایشی دیکتاتۆرەکانیان دەکرد، بەڵام لە کاتی ڕووخانیاندا ون دەبوون. لە یۆنانی کۆن، سۆکرات بە تەنها لە بەرامبەر ئەو خەڵکەدا وەستابوو، ڕەتیدەکردەوە سازش لەسەر بیروباوەڕەکانی بکات، تەنانەت ئەگەر بە لەدەستدانی ژیانیشی بێت. بە پێچەوانەی ئەم فەیلەسووفە مەزنەی جیهانی کۆنەوە، ئەم (ڕۆشنگەرە مۆدێرنخوازانە!) هیچ بنەمایەکی لەو جۆرەیان نەبوو، کە لەسەری بوەستن. بۆیە کاتێک پارەکە وشک بوو، بیروباوەڕ و قایلبوونەکانیشیان وشک هەڵات.

خەڵکی لەم هەلومەرجەدا – واتە کاتێک ڕۆشنگەرەکان لە بێدەنگیدا نغرۆ ببوون – بیریان لە دواساتەکانی ڕووخانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دەکردەوە، ئەوکات بەشێک لە بەناو ڕۆشنبیرانی نێو تەواوی مەملەکەتەکە بێدەنگ بوون، بەتایبەت ئەوانەیان کە شیرینی دوکانەکەی سوڵتانیان تام کردبوو، بۆیە کاتێک ئیمپراتۆریەتەکە لە ژێر گەندەڵییەکانی خۆیدا بەرەو ڕوخان دەچوو. ئەوان دەترسان لەوەی دژی سوڵتان بێنە دەنگ، ئەوەش لە ترسی لەدەستدانی پێگە و سەروەت و سامانەکانیان بوو. لە یەکێتی سۆڤیەتی ستالینیشدا هەمان شێوە بوو، کە دەبوو نووسەران و هونەرمەندان بە ناچاریی ستایشی ڕژێم بکەن، یان ڕووبەڕووی زیندانیکردن یان مردن ببنەوە. لە هەردوو بارەکەدا بێدەنگیی ڕۆشنبیران هۆکارێک بوو لە خێراکردنی دارمانی کۆمەڵگەکانیاندا.

٢٠٢٤-٩-٧